# ئەگەر تۆ نەخۆش کەوتیت ...

**یارمەتی وەرگێڕ**

ئەگەر تۆ بۆت زەحمەت بوو کە بەسویدی قسە بکەیت و لە سویدی بگەیت ئەوا لە کاتی پەیوەندیکردندا لەگەڵ دەزگای تەندروستی و چاودێری نەخۆشیدا داوای وەرگێڕ بکە بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات لە وەرگێڕاندا. بەگوێرەی یاسا ئەو قسە و باسەی کە لەڕێی وەرگێڕەوە دەکرێت نابێت ببرێتە دەرەوە و کەسی تر بیزانێ ئەگەر ئیزن لە خۆت وەرنەگیرابوو.

**زانیاری دەربارەی چاودێری نەخۆشی**

تۆ دەتوانیت هەموو ڕۆژەکانی هەفتە چە بە شەو و چە بە ڕۆژ تەلەفۆنی بەشی زانیاری چاودێری نەخۆشی بکەیت. لەو شوێنە سیستەری خاوەن بڕوانامەی لێیە **کە دەتوانن ئامۆژگاری پزیشکییت بدەنێ، وەڵامی پرسیارەکانت بدەنەوە دەربارەی چۆن خۆت چارەسەری خۆت بکەیت و ئەگەر بۆ نەخۆشییەکەت پێویستت بە چوونە لای پزیشك هەبوو ئەوا سیستەرەکان ڕێ و شوێنت بۆ دادەنێن کە بچیت بۆ کوێ**.

ژمارەی تەلەفۆن: 00 15 703-031

**سەنتەری زانیاری دەربارەی ژەهر**

بۆ پرسیارکردن دەربارەی ژەهراوی بوون/بەژارکەوتن تەلەفۆنی سەنتەری زانیاری ژەهر بکە

ژمارەی تەلەفۆن: 31 12 33-08

کاتی تەلەفۆنکردن: شەو و ڕۆژ

شوێنی ڤێب لە ئینتەرنێتدا: http://www.giftinformationscentralen.se/

**ئەگەر تۆ زۆز نەخۆش بوویت یان بریندار بوویت/ئازارێکی زۆرت گەیشتبوو ...**

ئەگەر تۆ کوتووپڕ نەخۆشییەکی سەخت و گرانت تووش بوو یان ئازارێکی زۆرت پێگەیشت/بریندار بوویت ئەوا ڕاستەوخۆ خۆت بگەیەنەرە نزیکترین بەشی ناکاوی نەخۆشخانە. بەشی پێشوازی ناکاوی نەخۆشخانەکان بەشەو و بە ڕۆژ بەرەوپیری بریندار و ڕووداوبەسەرداهاتوو و ئەو نەخۆشانەوە دەچن و فریایان دەکەون کە نەخۆشی کوتووپڕو لەناکاویان تووش دەبێت.

**نەخۆشخانەی زانکۆی ساڵگرێنسکا چوار بەشی پێشوازی ناکاوی هەیە**:

- SU/Mölndal کە کەوتۆتە سەر شەقامی Göteborgsvägen 31 لە Mölndal
- SU/Sahlgrenska کە کەوتۆتە Gröna Stråket 4 لە Göteborg
- SU/Östra کە کەوتۆتە سەر شەقامی Smörslottsgatan 1 لە Göteborg
- Drottning Silvias barn- och ungdomssjukhus لە Smörslottsgatan 1 لە Göteborg
  نەخۆشخانەی شاژن سیلڤیا بۆ منداڵ و گەنجان (لە تەمەنی تا 16 ساڵ)

تەلەفۆنکردن بۆ بەشەکانی پێشوازی نەخۆشی لە ناکاو بە ڕێگەی سەنتەری تەلەفۆنی نەخۆشخانەکەوە دەست دەکەوێت:

ژمارەی تەلەفۆن: 00 00 342-031

**بۆ گەیاندن بە ئوتومبیلی فریاکەوتن - تەلەفۆنی ژمارەی 112 بکە**

ئەگەر تۆ نە خۆت توانیت و نە بە یارمەتی کەسێکی تریش توانیت بگەیتە نەخۆشخانە ئەو کاتە تەلەفۆنی ژمارە 112 بکە، ئەم ژمارەیەش دەچێتە ژووری هوشیارکردنەوە لە کاتی لێقەوماندا.

**بەڵگەنامەکانی پێناسەی کەسایەتی و بەڵگەنامەی بیمەی نەخۆشی**

ئەگەر چوویت بۆ ئەوەی چارەی نەخۆشییەکەت بکرێت لە ناوەندی چاودێری نەخۆشیی کە بە پارە بێت، لە بەشی پێشوازی ناکاوی نەخۆشخانەکان و لە نەخۆشخانەکان ئەوا بیرت نەچێت کە بەڵگەنامەکانی پێناسەی کەسایەتی و بەڵگەنامەی بیمەی نەخۆشییەکەت لەگەڵ خۆت بەریت. خۆ ئەگەر تۆ هاووڵاتی یەکێك لە وڵاتەکانی ناو یەکێتی ئەورووپای ئەوا کارتی بیمەی ئەورووپیت پێبێت یان بەڵگەنامەی ژمارە E111. ئەم بەڵگەنامانەی ناوبران مافت دەدەنێ کە یارمەتی پێویستی چاودێری پزیشکییت بدرێتێ بە هەمان پارەی کە کەسێکی دانیشتووی سوید دەیدات.